# بەرزاییەکانی ئەزمڕ، بەرزاییەکانی وەزەرینگ (١)

نەزەند بەگیخانی
(بەریتانیا)

پێشکەشە بە «تۆ»



من ئەوم
کاترین
ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق
لە بەرزاییەکانی وەزەرینگەوە
دەدەمە شەقەی باڵ
لە لووتکە نەسرەوتەکانی ئەزمڕ
لە باوەشی هیثکلیف ئارام دەگرم

من وەرزێکم پڕ لە زریکەی زریان
لە زەمەنێکی ناوەخت هەڵمکرد
لەسەر گردە نیگەرانەکانی ئەزمڕ
من هەورە تریشقەم
دەشریخێنم
من دەمێکە لە ناخی ئەو خاکە شپرزەیە هەڵکشاوم
چەشنی برووسکە
بەرەو بەرزاییەکانی وەزەرینگ
پانتایی عەشقێکی پڕ لە گێژاو

من ئەوم
زارۆکێکی زیتەڵ
لەبەرزاییەکانی وەزەرینگ
لە وەرزی تۆفانەوە دێم و
لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ
گوێ لە حەیرانی ئەو خاکە دەگرم
وەک بوومەلەرزە
من ڕادەچڵەکێم
جەستەی چیا بە قودرەتی تاسەی من دەجووڵێ
تۆ کڕووزانەوەی دڵی ئەم بەردانە نابیستی؟
هەڵبزڕکانی ڕەنگی ئەم تاڵە گیایانە نابینی؟
ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق
من ئەوم
لە بەرزاییەکانی وەزەرینگەوە دێم
دەستی هیثکلیف دەگرم و
پەنجەرەیەک دەکەمەوە
کە دەمێکە لەسەر حەسرەتەکانی ڕۆژهەڵات داخراوە

من ئەوم
ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق
لە فەزای نێوان وەزەرینگ و ئەزمڕ
دەدەمە شەقەی باڵ
من بەفڕین ئاماژەکانی پێک نەگەیشتنی ئەو دوو تەنە
دەنووسمەوە
تەنی نووری ڕۆژهەڵات و
تەنی فزوولیەتی ڕۆژئاوا

من ئەوم
ئەوەتا دەستەکانم لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ سەوز بوون
لەوێ من پێشوازی لە هیثکلیف دەکەم
پەنجەکانم وەک مۆم دادەگیرسێن
تەماشام نیگای خۆڵ ڕۆشن دەکاتەوە
من تارمایی عاشقێکم
لە نێوان دوو پانتایی
گوزەر دەکەم
لە سپێدەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێم
لەبەر دەرگای خوداکان
دەبمە درەختێک لە تیشک
لە ڕۆژئاواش
لەناو ژووری خەڵوەت
لە پشت هەنگاوە هەمیشەییەکانی تەنهایی
من بەخۆم دەگەم

من ئەوم
گزنگێکی ڕێحانی لەسەر پەرچەمی با
لە هەڵکشانمدا لە نێوان وەزەرینگ و ئەزمڕ
من دەبمە شینەشاهۆ
دەدەمە شەقەی باڵ
ئەی هیثکلیف
تۆ بیابانێکی پڕ لە گەردەلوولی حەسرەت
چاوەڕوانی فڕینم بکە
لە بەرزاییەکانی ئەوێ
من دێم و
لە پەنجەرەی کۆشکێکی قرمزییەوە
دەستەکانم درێژ دەکەم
چەشنی ئەسحابە
لەسەر ڕوخسارت بەدوای جارانی خۆمدا دەگەڕێم
لەسەر ڕوخسارم بەدوای خۆتدا دەگەڕێی

من لە باخچە هەمیشە بە ئاگاکانی ئێرەوە
دێمە ناو ژووری سووتانی تۆ
لە کەنارەکانت ڕادەکشێم
جەستەت پڕە لە بۆنی منداڵی من
جەستەم پڕە لە ئازاری ڕۆژهەڵات
ئاوێنەیەک پڕ لە تەماشای کچ و کوڕە قەرەجەکان
ئێمە جەستەمان پڕە لە چرپەی لێکدابڕان

ئەوە منم
ڕۆحانیەتی ژنێکی عاشق
لەنێوان داکشانی بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵات و
هەڵکشانی نشێوییەکانی ڕۆژئاوا
من گرێکی نوورانیم
بەرزاییەکانی ئەزمڕ پڕن لە ڕەشەبا
لە هاواری هیثکلیف
وەزەرینگ-یش پڕە لە زەنگوڵی عەشق
ئێدگار لینتن (٢) لە ناوەوەڕا دەگریا
منیش گزنگێکی ڕێحانیم لەسەر پەرچەمی با
لە ئاسمانی بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا
حزوورێکی هەمیشەیی نادیارم
پڕم لە هێما
هێمای ئیشراق لەسەر خاکێکی نائارام

من ئەوم
لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ دێمەوە
گزنگێکی ڕێحانیم
لە خەڵوەتگای وەزەرینگ من زیکر دەکەم
تەنێکی تەنکم
نیوەم هی ئێرەیە و
نیوەکەی دیکەم هی ئەوێ
من نە لەوێ پڕم
نە لێرە کامڵ
لەسەر ڕووبەری ئەو تێکەڵ نەبوونە
سەرگوزەشتەیەک دەنووسێتەوە
عاشقێکم لە بەرزاییەکانی ئەزمڕ و وەزەرینگدا
بەدوای ئاوێتەبوونی دوو ڕۆحدا وێڵم
حزووری هەمیشەیی پیاوێکی نادیار
من بە دوای ڕۆحانیەتی تۆدا دەدەمە شەقەی باڵ

کاڤەر شام. هاوینی ٢٠٠٧

(١) «بەرزاییەکانی وەزەرینگ» ناوونیشانی تاکە ڕۆمانی ژنە ڕۆماننووسی ئینگلیز، ئێمیلی برۆنتییە (١٨٤٧).
وەزەرینگ شوێنێکە لە یۆرکشیەر و لە زمانی ناوچەکە واتای «زریان» دەگەیەنێ. کاترین و هیثکلیف دوو پاڵەوانی سەرەکی و عاشقی یەکترین.
(٢) ئێدگار لینتن هاوسەری کاترینە.